تورکیا و سەربەخۆیی کوردستان … شرکە کرمانج

لە ٢٠١٢ ـەوە یەکێک لەو هەڵانەی کە بازاڕی قسەکردنی لەسەر سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان گەرمکردوە بزۆقی هێناوەست وەرنەگرتنی تورکیایە لەو دۆگمادۆنگیەی کە لە هەرێم دەبیسترێت. دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە تەمەنی حکومەتی هەرێم، وادەردەکەوت کە تورکیا هەرێمی کوردستانی وەک واقعێک، ئەگەر تاییشبێت، قەبوڵکردوە.
هەندێک لە کوردەکان ئەویان وادەهاتە بەرچاو کە لەوانیە تورکیا کوردستانێکی سەربەخۆشی هەر قەبوڵ بێت. دیارە لەبەرابەردا کەسانێک هەبوون پێیانوابوو کە بەدەنگیەکەی تورکیا لەوانیە بگەڕێتەوە بۆ جدی نەبوونی هەوڵەکان لە باشور. هەندێکیش پێیانوایە هەر هەوڵێکی هەرێم بۆ سەربەخۆیی دەبێتە مایەی هەڕشی تورکیا بۆ سەر هەرێم لەگەڵ داخستنی سنورەکانی بەڕووبدا.

سەرەڕای نادیاریی هێناوەستی تورکیا لەسەر پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەڵام هەندێک پێشهاتوو هەکار هەن کە ئاماژەن بۆ جۆرێک گۆڕان لە دیدو تێگەیشتنی تورکیا، لەوانە:
یەکەم، تورکیا چاکدەزانی کە هەر هەڕشێک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەهێندە کێشەی کوردەکانی خۆی لە قوڵترو ئاڵۆزتردەکات.
دووەم، تورکیا لەوانیە ئەو توانایەی هەبێت کە هەرێمی کورستان داگیربکات، بەڵام وەک چۆن ئەمریکا حکومەتەکەی سەدامی لە چەند حەفتەیەکدا ڕوخاند کەچی زەحمەتێکی زۆری دیت لە کۆنترۆڵکردنی عێراقو دواجاریش پاش هەشت ساڵ بۆ پاڵپەروزکە عێراقی جێهێشت. چارەنوسی تورکیاش لە هاتنی بۆ هەرێم لەوە باشتر نابێت.

سێیەم، ئەگەر تورکیا هەڕش بکاتە سەر هەرێم ئەوە ئەگەرەکانی بۆئێندامبوونی لە یەکێتیی ئەورووپا، کە لە ئاکامی داگیرکردنی قوبرس تا ئێستا بۆ ئامانج نەگەیشتوە، هێندەی دیکە دوادەخات.
چوارەم، گەلانکاریەکان لە دیدو تێگەیشتنو ئامانجەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دوای گیرانی سەرکەکەیان، عەبدوڵا ئۆجەلان، وانیشاندەدەن کە کوردەکانی تورکیا کەمتر مەیل بۆ سەربەخۆیینەو زیاتر داوای خۆسەری دەکەن. ئەمەش لەوانیە هێناوەستی تورکیای لەبەرابەر سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق هەورترکردبێتەوە.

پێنجەم، قەبەیی قەبارەی بازرگانی نێوان هەرێمو تورکیا، کە لە

٢٠٠٩ دا گەیشتبوە ١٠ ملیار دۆلارو لە ٢٠١٥ دا خۆی لە ١٢ ملیار دۆلار دەدا، لەوانەیە وایکردبێ تورکیا لەهەرشکردن بە سەر هەرێم سڵکاتەوە. لە سەرەتای ٢٠١٢ دا ژمارەی کۆمپانیا تورکییەکان لە هەرێم گەیشتبوە ١٠٢٣ کۆمپانیا. هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ٩٠% ی ئەو کۆلۆپلانەی لە بازاڕەکانی هەرێمدا دەفرۆشرێن تورکین. ئەمەش ئاگادارکەرەوەی سەر هەرێم کەمتردەکاتەوە.

شەشەم، دروستبوونی پەیوەندییەکی شەخسیو بازرگانی لەنێوان بنەماڵەی بارزانیو هەندێک لە سەرکردەکانی پارتی عەدالەتو گەشەپێدان (ئەکەپە).
حەوتەم، ئێستا قسە لەسەر جێگرتنەوەی ڕوسیا دەکرێت لەلایەن هەرێمەوە لە دابینکردنی غازو نەوت بە تورکیا، بەتایبەتی دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ڕوسی لەلایەن هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەو گرژیانەی لەنێوانیندا هەیە لەسەر هەڵوێستیان لەپەیوەند بە سوریا. ئەم گەڕانکارییانە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمو تورکیای بردە ئاستێکی دیکە.

هەشتەم، لە ٢٠١٢ ـەوە پەیوەندییەکانی عێراقو تورکیا هەڵبەزو دابەزی زۆری بەخۆوەدیوەو ڕەزبەڵەڕ خراپتربووە. تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو بەغدا، لەکنزیککەوتنەوەی ئەنقەرەو هەولێری لەکەوتتەوە.
ئەو فاکتەرو گەڕانکارییانە دەکرێت وامانلێبکات بڵێین لەوانەیە تورکیا دەوڵەتێکی کوردی لە هەرێم قبوڵبکات بەڵام ئاماژەکانی دوای دروستبوونی ئەزمونی ڕەژاڤا لە کوردستانی سوریا پێچەوانەی ئەومان پێدەڵێت. هەڵوێستەکانی تورکیا لەگەڵ بەهێزبوونی ڕەژاڤا زۆر گەڕاوە. بەیە لەو پەیوەندە بەنەما لەسەر گەڕانکارییەکان، بەتایبەتی ئەو داوایەی کە ئەردۆگان لە بارزانی کرد لەو سەردانەی کە بە تورکیا کردی لە ئابی ٢٠١٦ دا کە گفتوگۆ بکەن لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەکرێت بڵێین ئاگاری قبوڵکردنی دەوڵەتێکی کوردی هاوسێ لەلایەن دەوڵەتی تورکیا زۆر دوورە مەگەر ئەو دەوڵەتە وەک قوبرسی باکور هەر بەناو سەربەخۆ بێتو تەواو ملکەچی ئەنقەرە بێت.

ئەم بەدنگیی تورکیا لەبەرابەر پێیامو وتەکانی مەسعود بارزانیو میدیاکانی نزیک لە پارتی هێندەی مەبەست لێی بەستنەوەی هەرێمە بە تورکیا وەک پارێزراوەک (محمیة) ئەوەندە مەبەست لێی قبوڵکردنی تورکیا نییە بە دەوڵەتێکی بەمانا کوردییو سەربەخۆ.
ئەوەی ڕاستیبێت، ئەو هەکارانەی پشوتر هەڵوێستیان لەسەر کرا

تاکۆ هەکار نەبوون بۆ نزیکبوونەوەی حکومەتی هەرێمو تورکیا بەکو بەهێزبوونی پێگەی ئێران لە بەغدا، بەتایبەتی دوای دەرچونی ئەمریکییەکان لە عێراق لە ٢٠١١ دا زیاتر هانی تورکیایدا لە هەرێم نزیکبێتەوە.
لەئەنجامی باڵادەستبوونی ئێران لە عێراقو سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی پاڵپشتبەندیی ناوچەکە لەسەر بنەمای مەزهەبیی، شیعە لەدژی سوننە، تورکیا قەناعەتێکی لادروستبووە کە بەیەکپارچەیی مانەوەی عێراق لەوانەیە زەحمەتبێت، بۆیە هێندەی دیکە خۆی لە هەرێم نزیکدەکردەوە بەمەبەستی ئەوەی کە زەرەر لە نیوەی بگرێتەوە. بەمانایەکی دیکە، لەجیاتی ئەوەی تەواوی عێراقی لەدەستبچێت با بەشێکی لەدەستبچێت، بەوەی کە هەرێم لەژێر باڵی ئەودا بمێنێتەوە جا ئەگەر سەربەخۆش بێت.

تورکیا زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ پرسی هەرێم لە عێراق دەکات. ئەو دەیەوێت هەرێم ئەگەر سەربەخۆ بوو نەک هەر نەیاری ئەو نەبێت بەکو دەستکەلای ئەو بێت، بۆیە هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەگەڵ بۆئەوەی جێگەی هەرێم بکاتەوە لەژێر باڵی تەوری سوننە لە ناوچەکە. بەدڵنگیی تورکیا لەو وتانەی کە بارزانیو هاوبیرەکانی لەپێیوەند بە سەربەخۆیی دەیکەن تەنیا دەکرێت لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە سوریاو پشتیوانیکردنی حکومەتی عێراقی لە حکومەتەکەی بەشار ئەسەد، کە هەردووکیان وەک حکومەتی شیعیی ناسراون، لەبەرابەریشدا پشتیوانیکردنی تورکیا لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا بە هەندەک گروپی تیرۆرستیشەوە، تورکیای هێندەی دیکە لە حکومەتی مەرکەزی دوورو لە حکومەتی هەرێم نزیککردەوە.

ئەگەر هەرێم پشتیوانی، یان لانیکەم بەدڵنگی تورکیا مسۆگەر بکات، کە ئاماژەکانی زۆر وون نین، ئەوە ئەوکات زۆر سەختدەبێت بە حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا بێگری لە جیابوونەوەی کوردەکان بکات. بەواتایەکی دیکە، جیابوونەوەی هەرێم ئەوەندەی پێوەندی بە هەوەستی ئەنقەرەوە هەیە ئەوەندە پێوەست نییە بە هەوەستی بەغدا.

هەرچەندەک بێت، سانەکە زۆر کەس دەڵێن کە جیابوونەوەی کوردستان پرسی کاتە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە بەئام شکستی حکومەتی هەرێم لە سیاسەتی سەربەخۆی نەوت لەگەڵ نغرۆبوونی ئەو نوخبە سیاسییەی کە

بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات تا بنەقاقای لە گەندەڵیو دزی سامانی گشتیی وای لێزار کەس کردوە کە تا ئێو نوخبە سیاسییە باڵادەستبن دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە خەونێک بە گەلو گەمەیێکو موزایەدەیێکی سیاسی قێزەون لەلایەن نوخبە سیاسییەکەوە هیچی دیکە نییە.

وەستگە مەژووییە گرنگەکانی کەشتی موسڵ – بەشی یەکەم … دکتۆر جەبار قادر

لە هەوڵی تێگەیشتنماندا لەو هەموو ئاماژییەی لە بارەی موسڵەوە لە ئارادان، گرانەوە بە گرنگترین وەستگەکانی مێژووی سەرهەڵدان، پەرەسەندن و ئاماژبوونی کەشتی موسڵ لە چارەکەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کارەکی پەویست و بەجێیە. بە لەکدانەوەی ئەو پاشخانە مێژووییە ئاماژە، ئێستەمە مرۆڤ لەم هەموو کەین و بینە سەر دەربکات.

لە ٣٠ ئوکتۆبەری ١٩١٨ لە سەر کەشتی ئاگەمەمنون Agamemnon لە بەندەری مەدروس Moudrosلە دورگەی لەمنۆسی Lemnos عوسمانی ئەوجا و یەنانی ئێستا لە دەریای ئیجە، ئاگربەستی مەدروس لە نێوان هاوپەیمانان و عوسمانییەکاندا ئیمزا کرا. لە سەر ناوی دەوڵەتی عوسمانی ڕووف بەگ وەزیری دەریاوانی و لە سەر ناوی دەوڵەتانی هاوپەیمانیش ئەدمیرالی بریتانیSomerest Arthur Gough- Calthorpe ئیمزایان کرد. ئاگربەستی مەدروس، کە تورکەکان بە موتارەکەی موندرۆس (Mondros Mütarekesi) ناوی دەبەن، کۆتایی بەشێی یەکەمی جیهانی لە بەرەی ڕۆژهەڵاتدا هێنا. لەو ساتەدا هێزە سەربازییەکانی بریتانیا ١٢ مایل (نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر) لە باشوری شاری موسڵ بوون. بە پێی بەندەکانی ئاگربەستەکە دەبوایە هێزە شۆڕشگێڕەکان لە جێگەی خەیان ڕاوەستن و جووڵەیان پێ نەکرێت.

بریتانییەکان زەریان مەبەست بوو شاری موسڵ داگیر بکەن، بەڵێ دوای چەند ڕۆژێک تورکەکانیان ناچار کرد شارەکە چۆڵکەن . بریتانیا

وەک هێزێکی ئیمپراتۆری مەزن و لە شێوەدا سەرکەوتوو، زۆر ئاسان بوو بۆی خواستەکانی خۆی بەسەر لایەنی دیکەدا بسەپێنێت. پاکانەی بریتانییەکان بۆ داگیرکردنی مووسڵ بەندکانی ٧ و ١٦ی ئاگربەستەکە بوون. بەندی ٧ ئەو مافەی دەدا بە هاوپەیمانان کە هەموو ئەو خاکە ستراتیژیانە داگیربکەن لە حاڵەتی پەیدابوونی هەڕەشە لە سەر ئاسایشی هێزەکانیان. ئەم "بارى هەڕەشە لە سەر ئاسایشی هێزەکان" سەد لێکدانەوەی هەڵدەگرت. خاڵی ١٦ش لایەنی عوسمانی ناچار کردبوو، هەموو بنکە سەربازییەکانی حیجاز، عەسیر، یەمەن، سوریا و میزۆپۆتامیا ڕادەستی نزیکترین فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان بکات، هێزەکانیشی لە کیلیکیا بکشێتەوە، تەنها ئەوانە نەبن کە بە پاراستنی ئارامی و ئاسایش پەیوەستن، وەک لە خاڵی ٥ مدا باسی لێوە کراوە. کەس باوەڕی بەوە نەبوو سوپای عوسمانی لە پڕ و پ کەوتوو توانای ئەوەی مابێت هەڕەشە لە سەر هێزی هاوپەیمانان دروست بکات. حکومەتی عوسمانی لە ئەستەمۆڵ، لە دوای ئەویش حکومەتی کەمالی لە ئەنقەرە داگیرکردنی مووسڵیان بە کردەوەیەکی ناقانونی دانا، چونکە لە دوای مۆرکردنی ئاگربەستەکە و بە لێکدانەوەی ئەوان لە دژی بنەما سەرەکییەکەی بوو. ئا لەرەوە کۆشێک بە ناوی کۆشکی ویلایەتی مووسڵ (کۆشکی مووسڵ) لە نیوان بریتانیا و عیراقی ژێردەستەی لە لایەک و تورکیا لە لایەکی تریەوە پەیدا بوو.

بریتانیا دەمک بوو چاوی بەیبوونی ویلایەتی مووسڵ، هەرچەندە بە پێی ڕێکەوتنامەی سایکس – پیکۆ دانی بەوەدا نابوو کە بەشی هەرە زۆری بدرێت بە فەرەنسا، بەڵام بەشە گرنگەکەی، کە کەرکوک بوو بە خۆی دابەیبوو. لەو نەخشەیەی ناوچەکانی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ و دەڤەری باڵادەستی (هێزەیەنی – نفوذ)ی بریتانیا و فەرەنسای لە سەر دیار کراون و لە گەڵ ڕێکەوتننامەکەدا هاوپێچ کراوە، تا زۆی بچووک بە شاری کەرکوکەوە کرابوو بە ناوچەی باڵادەستی بریتانیا.

دواتر لە کۆنفرانسی سان ڕیمۆ کە لە ئیتالیا لە(١٩ – ٢٦ نیسانی ١٩٢٠) بەسترا و سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا و نوێنەرانی یەکان، ژاپۆن و بەلجیکا ئامادەی بوون و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش وەک چاودێر ئامادە بوو، سەرۆک وەزیرانی بریتانیا لوید جۆرج توانی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا جۆرج کلیمەنسۆ قایل بکات دەست لە مووسڵ هەڵبگرێت، کە بە پێی سایکس – پیکۆ بەی دانرا بوو. لە بەرامبەر ئەم پێشکەشکردنەیەی کلیمەنسۆ فەرەنسا هەندە شتی دەست کەوت، بەڵام لە گەڵ گرنگی مووسڵدا بەراورد نەدەکران. لەم ڕێکەوتنەی سان ڕیمۆ دەبوایە دەوڵەتانی هاوپەیمانی سەرکەوتوو لە شێوەی یەکەمی

جیهانیدا بەهار لە سەر چارەنووسی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیا بدەن. لەرەدا ئامادەبووان دوا پەداچوونەوەیان بە دەشنووسی پەیماننامەی ئاشتیدا کرد، کە دواتر لە ١٠ ئابی هەمان ساڵ لە پاریس مۆر کرا و بە پەیماننامەی سێڤر ناوی دەرکرد. هەر لە سان ڕیمۆش ژێرمی مەندەیتیان داهێنا و فلەستین و میزۆپۆتامیا خرانە ژێر مەندەیتی بریتانیا و لە بەرامبەر وازهێنانی فرەنسا لە مووسڵ، بریتانیا دانی نا بە مەندەیتی فرەنسادا لە سەر سوریا و لوبنان. ئەوەی مایەی سەرنج و تەئامانە هەر لە سان ڕیمۆ لە ٢٤ -٢٥ نیساندا دان و سان لە سەر نەوتی ویلایەتی مووسڵ لە نێوان بریتانیا و فرەنسا بەدەوچوون و لە ئەنجامدا دەکەوتننامەیەک لەو بارەیەوە ئیمزا کرا، کە مافی ٢٥ % نەوتی مووسڵی دەدا بە فرەنسا لە بەرامبەر دەستهەڵگرتنی لە ویلایەتی مووسڵ. ئەم کەین و بەینانە ئەو ڕاستییە دەرئەخەن کە بریتانیا ئامادە نەبوو بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری مووسڵ بێت.

هەر لەو کاتەدا کە هاوپەیمانان لە سان ڕیمۆ و پاریس خەریکی بەخشینەوەی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوون، لە سەر خاکی ئاسیای بچووک (تورکیای ئێستا) ڕووداوی گەورە دەقەومان. مستەفا کەمال لە مایسی ١٩١٩ەوە دەستی کردبوو بە کۆکردنەوەی لایەنگران بە ڕوو بە ڕووبوونەوە لە گەڵ داگیرکەراندا. دوو کۆنگرە لە ئەرزەڕۆم (٢٢ تەممووز – ٧ ئاب ١٩١٩١) و سیواس (٤ – ١١ ئەیلوول ١٩١٩) بە ئەو مەبەستە بەستران. لەو کۆنگرانەدا پرۆژەی پرۆگرامێکی سیاسی گەڵاڵە کرا. یەکێ لە داخوازییە سەرەکییەکانی کۆنگرەی سیواس ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوو بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی(مجلسی مبعوثان). حکومەتی سوڵتان ناچار کرا ئەنجامدانی هەڵبژاردن ڕابگەیەنێت. لە زەربەی ویلایەتەکان لایەنگرانی مستەفا کەمال سەرکەوتن. لە کۆتایی ساڵی ١٩١٩ و دەسپێکی ١٩٢٠ لە مستەفا کەمال و دەستەی نوێنەرایەتیدا (هیئەی تمثیلیە)، کە لە کۆنگرەی سیواس وەک دەستەیەکی جێبەجێکار هەڵبژێردرابوون، ئەندامانی نوێی پاڵەمان لە ئەنقەرە کۆبوونەوە. لە ئەنجامی کۆبوونەوەکاندا پرۆژەی پەیمانێک گەڵاڵە کرا، کە تورکەکان بە مانیفەستەی شەڕی ئازادی ناوی ئەبەن. پەیمانەکە لە هەشت خاڵ پێکهاتبوو و بە بەچوونی کەمالییەکان داخوازییە سەرەکییەکانی گەلانی تورکیای دەگرتە خۆ.

بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان مستەفا کەمال بە خێی دەشنووسەکەی نووسی و ئەوانی تر ئیمزایان کرد. ئەم پەیمانە برا بە ئەنجومەنی نوێنەران، کە لە ١٢ کانونی دووەمی ١٩٢٠ دوا خولی خێی لە

ئەستەموو دەسپێکرد. دوای کردنەوە و هەڵبژاردنی ئەرگانەکانی پاڵەمان، گفتوگۆکان لە بارەی پرۆژە پەیمانی نیشتمانییەوە، کە ئەو کاتە بە ناوی عەهدی میللی نەوی دەبرا، دەستیان پێکرد. لە ٢٨ هەمان مانگدا و لە دانیشتنێکی نهێنیدا بڕیاری لە سەر عەهدی میللی درا. ئەم پەیمانە بە ناوی جیاواز لە مێژوودا باسکراوە، (عهدی میللی، میثاقی میللی و لە زمانی تورکی هاوچەرخدا بووە بە (Ulusal Ant, Milli Misak, Milli Yemin)، کە هەموویان هەمان واتا دەبەخشن، کە دەکاتە پەیمانی نیشتمانی. لە بڕیارنامەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانیدا هەشت خاڵەکەی مستەفا کەمال کران بە شەش خاڵ بە تێکەڵکردنی هەندە لە خاڵەکان. لە ١٢ شوبات بڕیارنامەکە ئاشکرا کراو و بڵاوکرایەوە. ئەم ڕووتەی ڕووداوەکان تەواو لە دژی ئەو سیناریۆیانە بوو کە هاوپەیمانان خەریکی داڕێژانی بوون لە بارەی دوا ڕێژی ئاسیای بچووکەوە، بۆیە هێزەکانی بریتانیا، فرەنسا و ئیتالیا لە ١٦ مارتدا ئەستەمۆیان داگیرکرد. لە ١٨ مارتدا ئەنجومەنی نوێنەران دوا کۆبوونەوەی خۆی کرد و لە ژێر فشاری داگیرکەراندا لە ١١ نیسانی ١٩٢٠ بە یەکجاری دەرگاکانی داخرا. بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەن دەستگیر کران و لە ولات دوورخرانەوە و بە شێکی تریان خۆیان گەیاندەوە ئەنقەرە. لە ٢٣ نیسانی ١٩٢٠ پاڵەمانێکی نوێیان لەوە بە ناوی ئەنجومەنی مەزنی میللی تورکیا (Türkiye Büyük Millet Meclisi)دامەزراند. لەڕەوە لە تورکیا دوو حکومەت هاتنە کایەوە: حکومەتی ئەستەمۆ و حکومەتی ئەنقەرە. یەکەمیان لە پاڵ و پۆ کەوتبوو و لە ژێر دەسەاتی داگیرکەراندا بوو و هێز لە دوای دوا پگەکانی خۆی لە تورکیا لە دەستدەدا. ئەوی تریان حکومەتی ئەنقەرە بە پچەوانەوە سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی لە شەڕی ئازادیدا هێز لە دوای هێز لە نەو خۆی تورکیا و لە سەر ئاستی نەودەوەتیش پێگەی بەهێزتر دەبوو.

ئەوەی لە پەیمانی نیشتمانیدا بە ئەم باسەی ئەمە گرنگە خاڵی یەکەمێتی کە باس لەو ناوچانە دەکات، کە زۆرینەی دانیشتوانیان بە وتەی ئەوان عەرەبن و لە هێزی ئاگەیاندنی ئاگربەست لە ٣٠ ئوکتۆبەری ١٩١٨ لە ژێر دەستی هێزەکانی هاوپەیمانان بوون، دەبێت خاڵەکەی بە ئازادی بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆیان بدرێن. لەڕەدا مووسڵ و هەتای (ئەسکەندەرۆنە) خراونەتە چوارچێوەی سنوورەکانی پەیمانەکەوە وەک لەو نەخشەیە دەرئەکەوێت کە هاوپێچ کراوە. لەوەدا هەموو باشوری کوردستان خراوەتە سەر نەخشەی تورکیا، هەتای لە ٢٩ حوزەیرانی ١٩٣٩ بە هێکەوتنێک لە گەڵ فرەنسا خرایە سەر تورکیا، پشتریش پرسی قارس و ئارتڤین لە گەڵ ڕووسیای سۆڤیەتیدا بە

قازانجی تورکیا بۆ ابووونە.

ئا لەم کاتەدا هاوپەیمانان لە پاریس پەیماننامەی سێڤریان لە ١٠ ئابی ١٩٢٠ لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا مۆر کرد. ئەو یەکەمین جار بوو لە بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیدا باس لە مافەکانی کورد بکرێت. کورد زۆری بە سەر سێڤردا هەداوە، کە لەوە زیاتر وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی باس لە مافەکانی کورد دەکات، هیچ بەهایەکی لە سەر ئەرزی واقیع نەبوو. دەوڵەتی عوسمانی کە ئیمزای کردبوو هەر ئەو کاتە دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی ئاسیای بچووکدا نەدەمێشت، کەمالییەکان لەوە خاوەن دەسەڵاتی راستەقینە بوون و ئەمان ئامادە نەبوون بە هیچ شێوەیەک دان بە سێڤردا بنێن. کەس خۆی نەکردە خاوەنی پەیماننامەی سێڤر، هاوپەیمانان چەند مانگێک تێنەپەڕیبوو بە سەر ئیمزا کردنیدا، کاتە ئامادەییان دەربڕی بۆ بەندکانیدا بچنەوە و کۆتنە بازرگانی لە گەڵ کەمالییەکاندا. بەجگە لە ئیتالیا هیچ دەوڵەتێک بە فەرمی لە پاڵەمانی وەاتەکەیدا ئیقراری نەکرد. ئەو سێ خاڵەی سێڤریش کە بۆ باسی مافەکانی کورد تەرخان کرابوون، ئەوەندە مەرج و ئاگرین بۆ دانرا بوون، ئاگر مرۆڤ بۆ وردی و دوور لە سڵز لێکیانبداتەوە، ئەوا دەبینرا ئاکامەکەی دەکاتە هیچ و نزیکدەبێتەوە لە سفرێکی گەورە. لە سێڤردا باسی ئۆتۆنۆمی کوردستان بۆ هیچ شێوەیەک نەکرا، وەک ئەوەی بۆشک نەبێت لە کوردستان. ئەو کوردستانەشی کە لە نەخشەکەی سێڤردا بۆ کورد دەوا بینیرا، زۆر لەو کوردستانە بچووکترە کە کورد بۆ خاکی نیشتمانی خۆی دەزانێت. ئەم بابەتە پێویستی بە باسێکی تایبەت هەیە.

لە ئابی ١٩٢٢ هێزەکانی تورکیای کەمالی سەرکەوتنێکی بە وێنەیان بە سەر سوپای یۆنانیدا بەدەستهێنا، لە ١١ ئۆکتۆبەری هەمان ساڵیشدا ئاگربەستی مودانیا لە نێوان حکومەتی ئینقەرە لە لایەک و نوێنەرانی بریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا لە لایەکی تریشەوە ئیمزا کرا و لە ١٣ هەمان مانگیش یەنان پێوەی پابەند بوو و ئیمزای کرد. لەرەوە ئیتر ئینقەرە خۆشی بەوەدا نەدەهات باسی ئاگربەستی مەدروسی لە گەڵدا بکرێت، ئەو داوای ئەوەی دەکرد کە بە پێی ئاگربەستی مودانیا قسەی لە گەڵدا بکرێت. لە کۆتاییدا هەر واش کرا، تورکیا تەنها دەوڵەتی دەاو بوو لە شەڕدا کە وەک هاوتایەک هەستی و کۆتی لە گەڵدا دەکرا. ئاشکرایە دەوڵەتی شکستخواردوو لە شەڕدا هەموو بڕیارەکانی لایەنی سەرکەوتوو بە یەک دوو جەبەجێ بکات. زوو زوو عیسمەت ئینۆنۆ بە بیری نوێنەرانی هاوپەیمانانی دەهێنایەوە کە ئەو دەوڵەتی

عوسمانی بوو شەی دەاند، بەام ئەو بە سەرکەوتوویی لە گەپانی شەوە هاتووە، بەیە دەبەت وەک هاوتا مامەی لە گەدا بکرەت نەک وەک لایەنی دەاو. مەرجەکانی ئاشتی لە نەوان تورکیا و هاوپەیمانان بە پەی ئاگربەستی مەدانیا، دەبوایە لە کەنفرانسی لەزان، کە جاری یەکەم لە (٢١ نۆڤەمبەری ١٩٢٢ تا ٢٤ شوباتی ١٩٢٣) و جاری دووەمیش لە (٢٣ نیسان تا ٢٤ تەممووزی ١٩٢٣) بەەوە چوو، بەیاریان لە بدرایە.

پەش ئەوەی باسی کەشمە کەشی نەوان هەردوو شاندی تورکیا و بریتانیا لە لەزان بکەین، کە کەشەی مووسە بابەتی هەرە گرنگیان بوو، دەبە ئاوەک لە هەوەی کەمالیەکان لە باشوری کوردستان بدینەوە، کە لە گە هەندە کەسایەتی و ناوەند خەریکی پیلانگەان بوون بە گەانەوەی ئەم بەشەی کوردستان بە ژەر چەپۆکی تورک. ئەمەش بابەتی بەشی سیەمی ئەم زنجیرە وتارە دەبەت.

گەانەوەی "مەرگی مەیمەوون"ی مەاردین ئیەبراهیم … عەبدولموتەلیب عەبدوەا

———

ئەستا لەوە لەنەو تابووتی نارنجی خەرنشینی شارکەما
چل منامە، چل جگەرم، هەشتا چاوم، هەشتا گوچکەم…
هەشتسەت پەنجەی هەردوو دەست و هەردوو قاچم
بەیەکەوە هەئەوەرن.
قەسیدەی سوتماك "شەرکە بکەس"

———-

گەانەوە (السرد-Narration) گرنگی بە خستنەووی رووداوەکان دەدات و کار لەسەر بەرەوپەشچوونی (زەمەنی رووداو) و (زەمەنی گەانەوە) و (زەمەنی خوەندنەوە) دەکات، بە دیوەکەی دیکە گەانەوە زەمەنێك رەدەنەت، ئەستای دەق (بە هەموو ژانرەکانییەوە) ئەو زەمەنییە، کە

هشتا نهاتوو و رووی نداوە. هەبەتە ئەستای دەقی "مەرگی مەیموون" ئەستای خوێنەری جیاوازە، بەڵام لە بیرمان نەچێ هیچ خوێنەرێکی نموونەیی دنیایی لە دەقەوە بە دەست ناهێنێ و هیچ دەقێکی ئیبداعیش لە دنیایی بەخشین بە خوێنەر کورت ناکرێتەوە، چونکە زمان لەسەر ئامادەیی (مانا) ناوەستێ، بەڵکو پرسیارکە لەسەرخۆ بەرەو پێشەوە دەڕوات، (مانا) بە ئاوەڵی لە نەو (ئامادەیی بونیادی دەق) جێگایەك بە خۆی داگیر بکات، دەبێ بچێتە نەو سیستمی دەلالەتەوە! بەو مانایەش دەقی ئەدەبی هەمیشە لە چاوەڕوانی خوێنەری جەراوجەر دایە، وەك چۆن خوێنەریش هەمیشە لە چاوەڕوانی دەقێکی دیکەی ئیبداعی دایە، چونکە لە دنیادا دەقێك نییە هەڵگری بەشایی نەبەت، دەقی تەواو بوونی نییە.. لەڕەدا دەکرێ بڵێم ئەستای دەقی گەڕانەوەی چل منداڵی گوللەبارانکراوی کوردی ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەم لە رووداوی شیعریی شەرکە بکەس و زەمەنی گەڕانەوەی ماردین ئیبراهیم و زەمەنی گوتنی بەهجەت یەحیا بە چەژی جەراوجەر نەخشەی بە کەشراوە.

بەگومان هەموو دەقێك هەوەدەدات ئەوەندە چەژ و هونەر بنوێنێ، تا بگاتە خوێنەری نموونەیی خۆی، چونکە هیچ دەقێك بە خوێندنەوە بوونی نییە، دەق هەمیشە لە چاوەڕوانی خوێنەردا دەژی، بە مانایەکی دیکە هەندجار بە ئەوەی بە خوێنەری نموونەیی خۆی بگات، پەویستی بە چاوەڕوانی زەر هەیە، بە نموونە "بلیك" نزیکەی (150) ساڵ چاوەڕوانی کرد، هەتا بە (فرای) نەرسرێب فرای -ڕەخنەگر و تیەریستی کەنەدی- گەیشت.. (ئەلبرتە مانگیل) لە کتێبی (هونەری خوێندنەوە)دا سێ جەر لە خوێنەری نموونەیی لەکجیا دەکاتەوە: یەکەمیان ئەو خوێنەرە نموونەییەیە کە چەژ وەردەگرێ، بە ئەوەی دەق هەڵسەنگێنێ. سێیەم ئەو خوێنەرەیە کە دەق هەڵدەسەنگێنێ بە ئەوەی چەژی لەوەربگرێت. جەری ناوەند ئەو خوێنەرە نموونەییەیە کە لە کاتی هەڵسەنگاندن چەژ وەردەگرێ و لە کاتی چەژ وەرگرتن دەق هەڵدەسەنگێنێ.. ل 233.

زەمەنی گەڕانەوەی ماردین ئیبراهیم، زەمەنی بە بیرهێنانەوەی چل منداڵی گوللەبارانکراوە، واتە زەمەنی بە بیرهێنانەوە بە شێوەیەکی هونەری لە زەمەنی مەرگی منداڵێك بە ناوی مەیموون دەنخشێنێ: چل منداڵ بوون لەو ئەوارە کێ و بەدەنگەی شارەدا تیرباران کران، بە تەمەتی خیانەتکردن لە نیشتیمان، بەڵام ئەوان هەندەکیان هەشتا بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستان خەیان تێ دەکردە هەندەکیان هەشتا ئەگەر کەلارەکانیان لە ستوونی کارەبا یان درەختی

بەرز بگیریایە، دەگریان، هەندەکیان گەورەترین دەخشیان ئەو بوو لە کاتی پایسکل لەخوێندا دەستەکانیان بڕبدن...

کەواتە سوتماکی (شەرکە بەکەس) و ڕەمانی مەرگی مەیموونی (ماردین ئیبراهیم) و فەزای دەنگی پە سەزی (بەهجەت یەحیا) مەرگی ئەو چل منالەمان بیر دەخەنەوە، کە لە ساڵانی بەعس، خیانەتکارەکی کوردی پەش ڕاپەڕین و لەپرسراوی گەورەی دوای ڕاپەڕین.. ئەو چل منالە بە تەمەتی خیانەتکردن لە نیشتیمان ڕادەستی بەعس دەکات و بەعسیش بە بەزەییانە گوللەبارانیان دەکات.. شەرکە بەکەس بە قەسیدە جوانەکەی (سوتماك) لاواندنەوەیەکی جوانی هونەری و پە لە هەست و مرەیانەی بە ئەو چل منالە کرد، بەشەکی زەرمان ئەو دنیا بە سەزمان لە فەزای دەنگە غەمگینەکەی بەهجەت یەحیا وەناکردووە.. دەتوانم بەم قەسیدەی سوتماکی شەرکە بەکەس و فەزای دەنگە غەمگینەکەی بەهجەت یەحیا لە ڕووی هەستی مرەیەوە دنیای ئازار و سادەیی ڕەنگ دەکەن..

ناوەکی ڕەمانی مەرگی مەیموون باسی منداڵەك دەکات کە لەبەر خەشویستی پەی دەڵەن مەیموون (ماردین ئیبراهیم) لە تۆی هونەری گەانەوەیەکی مەدەرن ئەو کارەساتەی کردووە بە بابەتی ڕەمان و لەوەو باسی ئەو پەیوەندییە کەمەایەتیانە دەکات، کە ئەندامانی خەزان و کەسانی دەوروبەری تێیدا دەژین، واتە لە ڕەگای مەرگی مەیموونەوە باسی مەژووی سیاسی هەشتاکان و بارودەخی ژیانی سیاسی ستەمدیدەی کوردی و ئازارە مرەیەکانی ڕەژهەات بە گشتی دەکات، ئازارەکانی ژیانی سەردەمی بەعس ئەو قسەیەی "نیتشە" تەخ دەکاتەوە کە دەڵێ ژیان هەقوەاوی خەشیەە، بەڵام گەمژەکان هەموو لقەکانی ژەهراوی دەکەن. بەعس هەموو کەناڵەکانی ژیانی ژەهراوی کردبوو.. لەو ڕەمانەدا کاراکتەرەکی قوربانیی بە ناوی (ئەردەلانی) یەوە مەرگی مەیمووەن لە ناخەوە زامداری دەکات، بەڵام دوای ئەوەی دەزانە پاشاگەردانی دەسەاتی کوردی، دوای ئەوەی دەزانە هەشتا کەناڵەکانی ژیان هەر ژەهراویە، هەشتا گەان بە دوای دادپەروەری شکست دەهێنە، بۆیە ئەردەلانی پاڵەوان بە دەستی خەی تەڵەی ئەو چل منداڵە بە کوشتنی خیانەتکاری کارەساتەکە دەکاتەوە و خەی دەخاتە زیندانی هەتا هەتایەوە، ماردین ئیبراهیم لە ڕەگای بەدواداچوونی حەقیقەتەوە پەمان دەڵەت: لەڕە ژیان زیندانەکی هەتا هەتایە!

ئەردەلانی بەهای حەقیقەت لە بەهای ئازادی بە گرنگتر دەزانە، ئەوە ئەگەرچی وەناکردنەکی ئازاراویە، بەڵام وەناکردنەکە ڕاستەوخە بە مەرگی منداڵە سادە و پاکەکانەوە بەندە، ڕاستەوخە بە ونبوونی هەستی مرەقایەتی و ونبوونی حەقیقەتەوە بەندە! ئەردەلانی پاڵەوانی

ماردین ئیبراهیم (ئنتیگونا ئاسا) پێوایە رەحی دەمکە لە ونبوونی حەقیقەتەوە ونبووە، دەمکە لە نەو ئەو هەموو ژەهرەدا مردووە، دەمکە لە نەو ئەو زیندانەدا بنەدە.. چونکە ئەگەر بمانەوە حەقیقەت بدوێت، دەبە بە کردەی کشفکردن هەبسین، ڕاڤەکردنی حەقیقەت بە مانا حەرفیەکەی لای ئەردەلانی واتای "پەردە لادان" دەگەیەنێت.. پەردە لادان لەسەر ئەو هەموو تاوانە، پەردە لادان لەسەر ئەو هەموو ژەهرە، پەردە لادان لەسەر ئەو هەموو زیندانە.. ئایدیای تەماشاکردنی مرۆڤ وەك قوربانی حەقیقەت، بیرکردنەوەیەکی شەشگرانەیە و لە مارکسیەتدا بە تڕپك دەگات.. قەسیدەکەی شەرکە بکەس و فەزای دەنگی غەمگینی بەهجەت یەحیا ڕەحی مندالەکان (مەسیح ئاسا) بەرجەستە دەکەنەوە، ژیان دەکەنەوە پاشکەی ئازادی. بەهام زمانی گەلانەوەی ماردین ئیبراهیم حەقیقەتی لەسەر بونیاد دەنرێت ودەیەوێ لە ڕەگای دووبارە گەلانەوە کشفی حەقیقەت بکات.

ئەو ڕەمانە بە تەکنیکەکی سادە و شەفاف و خشپەکهاتە نووسراوە و سوودی لە گەلانەوەی ئازاد و تەکەکردنی زەمانەکان و پارچە پارچەکردنی گەلانەوەکان وەرگرتووە، دواجار وەك بابەتکی (کەمەیاتی- سیاسی) بە بیر خوێنەرانی دەخاتەوە، کە نیشانەکانی قوربانیی لەو کوردەدا زەر لە نیشانەکانی تاعون ئاشکراترە، ماردین ئیبراهیم پەماندەی ئەوەی قوربانییەکان لە بیر بکات، حەقیقەتیش پشتگوێ دەخات، ئەوەی قوربانییەکان لە بیر بکات، سورڕیشی لە بەت هەستی پەناکات. دواجار لە نەوان (بەهای ئازادی) و (بەهای حەقیقەت)دا ڕووداوی شیعریی شەرکە بکەس و زەمانی گەلانەوەی ماردین ئیبراهیم و فەزای دەنگی بەهجەت یەحیا دەچنینەوە.

ئاسیاسەی کەمان دەکاتەوە ... کارا فاتیح

ئاسیاسەی کەمان دەکاتەوە... چەن کەمان دەکاتەوە، یان بە دەبەت، ئاسیاسەی کەمان بکاتەوە، لە کاتکدا خەمان (ناتوانین، نامانەوێت، نازانین، ناهەین، سەرناپەرژێین یان بواریان بە نەهشتووین) کە

ببینەوە، کەواتە ئاسیاسەت لە ئاستێکی شاراوەدا دەمێنێت، دوور بکەونەوە، هەر زەر دوور بکەونەوە، بە خەم بن لە هەگەی تەکەی منەوە پێك دەگەنەوە.
بەڵام چۆن پێك دەگەینەوە، (دەقیقەیەك بە 60 دینار) لەرەوە هەموو پەیوەندییەك بە جیا لەوەی لە ئاستێکی مەعنەویەوە دێتە سەر ئاستێکی مادی، هاوکات هەموو پەیوەندییە زیندوەکانی مرۆقبوون بە کەمەڵك تەلەفۆنی پۆیست و هەواڵپرسی و هەواڵزانین کورت دەکاتەوە، قورسایی هەستکردن بە بایەخی مەعنەویی مرۆڤ دەهێنێتە سەر کورتنامەیەك یان خەبەر و مەوعیدەك (بە گومان ئەوش لە ئاستێکی زەر کەم و سنووردارداە، بە هەی ئەوە هەموو چرکەیەك نرخێکی مادیی هەیە)
بەیە مژدەکەی ئاسیاسەت (ئاسیاسەت کەمان دەکاتەوە) ڕاستیەکەی تاڵی تەدایە، ئەمە هێندە دوور کەوتووینەتەوە، لە خەسەتێکی (هاودەردی، بەهاناوەچوون، تێگبیرکردن، ڕاوێژکردن، پۆیستی، کەیف و سەرگەرمی...هتد) شەراوینەتەوە، ئەوش بەهۆنی بەیەکگەیشتمان پەدەدا، بە نرخێکی مادیی زەر و لە ئاستێکی سنووردار و لە چوارچێوەی خەبەر و پۆیستیەکی ناچاریدا ئەومان بە دەکات.

ئاسیاسەت کەمان دەکاتەوە، واتە خەمان با هەر دوور بین، زیاتریش دوور بکەوینەوە، بە ئەوەی بە تەواوی لە خەسەتی مرۆقبوون بکەوین، ئیتر بە کەکی تۆندوتەیی کەمەایەتی و هەکخستنی سیاسی نەیین، نەبینە مەترسیی بە سەر فەرمانەوایان ئەوانەی نرخ لە بچووکترین پەیوەندیی مرۆقایەتیی دادەنێت...
ئاسیاسەت کەمان دەکاتەوە...
وشەیەك لەم ێیکلامەدا پەیەوە: پارە (ئاسیاسەت پارەکانمان کە دەکاتەوە)، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی بیریان چووبێت، بەکو هێندە ئامانجێکی مەزنە، بە نەنووسینیشی هەر بە زەقی دەبینرێت...(بە گومان ئاسیاسەت تەنها وەك نموونە و بە کەمپانیاکانی تریش هەمان قسە)

سزادان کولتوری حیزبی (بەعس)

… کەمپینی بەرگری لە ئازادی و خواستەکانی خەڵکی کوردستان_دانیمارک

لەدرێژەی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانیان، دەسەڵاتداران لە بری وەڵامدانەوە بە داخوازی و داواکارییەکانی سەرجەم چین و تۆژە جیاوازەکان، وەک پیشەی هەمیشەیان ڕێگای سەرکوت و ترس و توقاندن بەکار دەهێنن.
ڕۆژی ٢٤/١٠/٢٠١٦ هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی هێرشیان کردە سەر (کەمپەگای باجەکانی سلێمانی)، چوار کەس بە ناوەکانی (هاژە سالار، بەیار سالار، ئاسۆ خەلیل، دڵشاد عومەر) دوای لێدان و سوکایەتی پێکردن ڕاپێچی ئاسایش دەکرێن و بە چەند کاتژمێرێک دەستبەسەر دەکرێن و داوای پاکانە پێکردنەویان لێ دەکرێت.
دەسەڵاتداران و حکومەتە لەرزۆکەکەی هەرێمی کوردستان، هەر بەوەوە ناوەستێت کە ڕۆژانە هێرش دەکاتە سەر سفرەی خەڵکی دەستەنگ و ستەمدیدەی کوردستان، هەر ڕۆژە و یاسا و بڕیارێکی دژی ئینسانی و دوور لە هەر بەهاو پێنسیبێ مەدەنیەکانیان بەسەردا دەسەپێنێت، لەسەر و هەموو ئەمانەوە دەستی بە سزادان و گرتن و گواستنەوەی نوێنەرانی فەرمانبەران و خەڵکی ناڕازی دەبات لە فەرمانگە و شوێنی کارەکانیان.
بە پاشکۆ و ترساندنی هێزە ناڕازییەکان، ڕۆژی ٢٦/١٠/٢٠١٦ لەلایەن (بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەکان) لە هەولێر، بەیاری گواستنەوە و دورخستنەوە بە (١٤) کەس لە (فەرمانگەی باجەکانی سلێمانی) دەرکراوە، ئەم هەنگاوە نمونەیەکی زیندووە بە نیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، وەڵامدانەوە بە داواکاری و خواستەکانی جەماوەری ناڕازی.
نابێت ڕێگا بدەین کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، لەڕێگای گرتن و گواستنەوە و دورخستنەوەی نوێنەرانی خەپیشاندەران و فەرمانگە و جەماوەری ناڕازی، فەزای ترس و تەقاندن بکەشێت بەسەر کەمپەگادا، ئەم هەنگاوە دەبێت وەڵامی جدی و ڕاستەوخۆ وەربگرێتەوە، نابێت ڕێگا بدەین ئەم پیلانە نگریسی حکومەت و دەزگا سەرکوتگەرەکانیان جێبەجێ ببێت.
ئێمە لە (کەمپینی بەرگری لە ئازادی و خواستەکانی خەڵکی کوردستان_دانیمارک)، پشتیوانی سەرجەم داواکاری و داخوازییەکانی

جەماوەری ناڕازی دەکەین و، بەتوندی ئیدانەی ئەم هەوڵە نزمە و دژی ئازادییەی دەستەڵاتداران دەکەین، داوا دەکەین بەزوترین کات ئەم بڕیارە هەڵوەشێنرێتەوە، هەمانکات داوا دەکەین ئازاردان و دەسگیرکردن و سزادانی جەماوەری ناڕازی و نوێنەرکانیان وەک هەڵەی سور سەیر بکرێت و، قبوڵی ناکەین یاری بە چارەنوسی خەڵکەوە بکرێت. تەنها ڕێگا بە بەدەستهێنانی داخوازییەکان و زامنکردنی پاراستنی ئاسایش و گیانی نوێنەرانی ناوندە ناڕازیکان، ڕێزی سەربەخۆی جەماوەر و ڕێکخراوبونە لە دەوری خواستەکانیان.

کەمپینی بڕگری لە ئازادی و خواستەکانی خەڵکی کوردستان_دانیمارک
٣١/١٠/٢٠١٦

نەهەنگی جەنگ … جەلال عەبدوڵا سالح

پاپەڕە هەنگاو دەنێت
شەو ئەستێرە دەژمێرێت
شەپەل کەفی مردوی ئاو ئادەماڵەت
من لەقاتی یەکەمی پاپەڕەکە
تەنیایی نیشتمانمە
بیر لە مەرگی لەقە گیاو
تەنایی مانگ دەکەمەوە
بەنی شەرابی پیر دەکەم
لای گەشەی چەپی دیواری شووشەی چینی
نێرگەلەی ئەفغانی
چاوەڕێی پیاوەکی ئەمریکی دەکات
دووکەڵی چێشتخانەی مەغریبی
دەڵێی ئاوی دەنەن
ئادەکا بەدوای درزی پەنجەرەیەکی شکاودا
پیرە مەردەکی ئەفریقی
گەچانی تەمەن ئادژێنێت

ژنەکی سەمالی
کاوەکی ڕووسی لەسەردایە
سەیری بازدانی ماسی یە خوێناویەکان دەکات
من بەدوای تەنیایی خۆم دا دەگەڕێم
کەس نابینم
دڵیی مرۆڤەکان لە ڕەگەزی من نین
خۆکی وان لە شایی بەختەوەریدا
هەموو مەستن
بە کەمڵە دەشێنەوە
بەسەر بەرکەشی بیرەوەری ژیاندا
بەپێلە هەنگاو دەنێم بە قاتی دووەمی پاپۆڕ
لە ناو حەوزی ژوور سەری ئاسمانی شین
تەکەڵاوە ڕەنگی پەستی
گەنم ڕەنگ و
ڕەش و سپی
تەماشا ژیان چەند مەستە بە مەڵەی مانەوە
ئافرەتەکی ئیرانی
دەگری بە ڕەفتەی با بردوی هەنگاری
شەرابی فەرەنسی
لەسەر کەشی مەزەکی ئیتالی دانیشتووە
بیر لە لەوی کچەکی مەکسیکی دەکاتەوە
لاولاوەکی ڕەمانی
هەڵزناوە بە سنگی پەنجەرەی ڕەژهەڵاتتدا
بەنی عەتری مەمک و قژی دەکات
ژیان تامی بادەمی تاڵ دەدا
چاو دەگەڕێم جگە لە خۆم کەس نابینم
دەزانم تەنیایی جوانترین نیشتمانی منە
لە پە دەنگ دە
کاپتنی پیر هاوار دەکات
کەوتینە جەنگی نەهەنگەکان
بەرەو ڕۆژئاوای
ئەقیانووسی خوێناوی ڕەگا دەبین
مەرگ لە دەرگای ژیانمان دەدا
پاپۆڕ تەکاندا
خۆکی ئارامیان دەشڵەقێت
باڵندەی ژوور سەری پاپۆڕی بریندار
باڵ لەک دانە بە باوەشی نووری هەتاو

بەباك لە مەرگی مرۆڤی لەناکاو
من هیچم نییە بیدڵنم
هیچ لە دەست نادەم
ئاسمانی تەنییایم ڕەنگی ئاو دەگرێت
چارەکی بوونت بە مەرگ
دەبم بە خەراکی جوانترین نەهەنگ

.....

جەلال عەبدوڵا سالح

تاڤگەی مەند ... نەژاد عزیز سورمێ

(نامەکانتم خوێندەوە.. پەیام بوون..
بەڵام شتێك لە هیجی ئەم دونیایەی نەدەکرد،
ناکاو گۆلە فرمێسکی پەنگ خواردووی دیدەمی سمی..
لەو ساوە بیناییم کوێر بووە..
لەو ساوە نەدەتبینم و نەتێت دەگەم.
ئەمە چێکی ئەو تروسکاییەیە تا دوێنێ
بەر پێی خەمم پێ دەدەی.)

1
دونیا شەو بوو
کیژێلەیێ گۆنای گوڵی سپێدە بوو.
کیژێلەیێ چاوی گەشی
هێشتا ئاشنای تێز و گەردی غوربەت نەبوو
لە شەوستانەوە دەهات ،
دڵی گەورەی
خەمی گەورەی
دابووە کێ و
بێ شاری چراخان دەچوو..

دونیا شەو بوو
من بۆ ئاو دەنگ ، بۆ مەئوا
شەویش لەبەر گۆنای ئاڵی ئەم کچەدا
بۆ پەنا بوو..
(ڕۆگای سەختی غەریبی خۆی گرتۆتەبەر
نازانێ لەم دونیایە بۆ ئەنوایە
بۆ دەنگی دەبۆ بە پەنای بۆ پەنایان..
نازانێ کە ڕۆگای سەختی
غەریبی خۆی گرتووەتە بەر
دوای سێبەری خۆی کەوتووە!)

چ سوود کە شار
دەبۆ بە دەریای چراخان؟
چ سوود کە کەس ئاگاداری
سووتانی دڵی کەس نییە؟
چ سوود کە تۆ
لە سپییەڕۆژکی وادا
دوای سێبەری خۆت دەکەوی؟
چ سوود .. چ سوود..؟

2
من دەمدیتن
گوێم لێیان بوو..
من نەمدیتن لە باڵەخانەی خەسرەودا
هەڵئەتووتێن..
من دەمدیتن پێکی خەمەکانی فەرهاد دەخۆنەوە
(هەزارە زیلەی مێروولەن
بە تەلانی شیعرەکانم هەڵدەگەڕێن)
من دەمدیتن دونیای ڕوونیان لێ کردین
بە شەوی ئەنگوستەچاو و
دەرگای سێبوورییان بەستین..
من دەمدیتن.. گوێم لێیان بوو،
لە ترسانا:
چاوی زەق و
دەستی قامچی و
زمانی جوێن و
زاری تف بوون..

(بەچی چووە و
بەچی دەچێ؟
مژوو لە ڕۆژگاری تاڕ و
شەوگاری خۆشەوە بەدەر
چی تیا بوو؟
بەچی چووە و بەچی دەچێ؟)
کیژۆڵەیێ گۆنای گوڵی سپێدە بوو
هەوازەدەی سەمای نەرگزی کۆستان بوو..
بێ شاری چراخان دەچوو..
بەچی دەچێ؟
شاری چراخان لە گوێ دەترسێ..
شاری چراخان خامۆشە خامۆش
چووەتە ژێر باری خەوی دێوەوە
پامایی کەنیزەکانی
حەرەمسەرای سوڵتانە.

بەچی دەچێ؟
کەسێ ڕۆگای غەریبی خۆی بگرێتەبەر..
دوای سێبەری خۆی بکەوێ؟

3
مەزڵم.. هەوارم, سێبەری پەڵە هەوری
بەهارێکی قات و قڕ بوو!
تاکە پەنای غەریبی و غوربەتیم تێ بووی
تێ مەرگی سەوزی کۆستان بووی
من بێزار بووم ،
تۆش پەنام بووی..
(لەم بەهارەیش قات و قڕتر؟
لەم ڕووخۆشیەش تووڕەتر؟
لەم هەرایەش کڕو کپ تر؟)

ڕۆگای سەختی غەریبی خۆت گرتووە
تێ دوای سێبەری خۆت کەوتووی
بێ
چی
دەگری؟
ئەم شەڕەزارە بە فرمێسك ناوێتەوە.
مژوو لە ڕۆژگاری تاڕ و شەوگاری خۆشەوە بەدەر ،

چی تیا بوو؟!
تۆ کە لەم سپییەتۆژەدا
دوای سەبەری هەشەوەبووی خۆت کەوتووی
بۆ، چی، دەگری؟

سەرهەڵئەگرم.
دەتۆم بەدوای پەنجەرەیەکدا دەگەڕێم
سەرهەڵئەگرم.
جارێکی دی ناچمەوە ژێر
لێفەکەی خەوی منایێم…
دەتۆم بەدوای کولانکەیەکدا دەگەڕێم
دەتۆم.. دەتۆم.. سەر هەڵئەگرم
ئەم شەوەزایە بە فرمێسك ناوێتەوە..

6/1983

زەمینناما، بۆ تامی شیعر … پشوا کاکەیی

«پارچەی دووەم»

-_____

زەمین، سەد جار: لە ئەمەی مرۆڤ عاشقترە.
زەمین، کە دڵی شکا: بۆ بورکانیش ناوێستێت.
زەمین، کە چاوی بۆ خودا دەکاوێت:
لە حەوتەمین پلەی فەنابوونی خولانەوەی خۆیدا، هادەچەکێت.
کەچی ئەمە، لە هەواڵەکان وەهای دەبیستین:
کە ئەمە عەردهەژێنە و، حەوت پلەی تەختەر!.
***

زەمین، لە داخی ئەمە، لە پشتی هەورکانەوە: مانگ دەدوێنێت.

نامە دگۆ هیچ ئەستێرەیەکدا ناگەڕێتەوە: بۆ وەی چاوباشقانی بکات.
ئەو کە دەوانە دەبێت: لە نەو ئەشکەوتەکاندا خۆ ناشارێتەوە.
ئەو کە مەست دەبێت: بۆ شەپۆلی زەریاکان خۆ ناشواتەوە.
ئەو بۆ نووری خۆر، ناسووڕێتەوە: قژی، وەک دەروێش بهەڵێتەوە.
خانجەر لەسەر ملی کات دابنێت و، چرکە، خوێنی لە بچەڕێتەوە.
ئەو هەر عاشقە و، دە نەو کاکشانی ڕەگای شیرییدا'١': دەخولێتەوە.
***

مرۆڤ، بۆ نەوی خۆشیەوە: پەز بۆ مەریخەوە لە دەدات.
دەیان جار، بۆ بیانووی شەوی هەنگوینییەوە:
ژن، داوا لە پیاو دەکات، ڕەوانەی سەر مانگی بکات.
دەیان جار، مرۆڤ بۆ بیانووی پیسیی ژینگەوە: زەمین بۆ نەفرەت دەکات.
دوا جار، هەر مرۆڤێش: بۆ مردن، خۆی بۆ قوربانی چەند بستەکی خاکی زەمین دەکات.
***

گەر مرۆڤ لە زەمین بکۆیتە دەرەوە، چ ڕوو دادات؟
ئایین، نامێنێت.
ئاژەڵیش، دیین وەکار ناهێنێت.
ئەو هەموو تەفسیرە بۆ خودا ناکرێت.
هیچ کەسێك نامێنێت، وشەی دێندە، بۆ شەر و پڵنگ و بۆور، بڕێت.
مەروولە، واز لە هەڵگرتنی دەنکە گەنم دەهێنێت.
دەی لەبەر کە: زەیتوون و هەنجیر، سوێندی پێ بوخرێت.
ماسییش، لە دەستی مرۆڤ دەحەستەوە، هێندەی تەڵەی بۆ دابنێت!.
***

زەمین، گەر لەبەر مرۆڤ نەبوایە: حەزی لە بوو، شیعرێکی ڕووت بێت.
چیدابوو لە کێش و سەروا، ترۆفەی مانگ و تیشکی خۆر، دە شیعرەوە بگلێنێت.
چیدابوو لە بەگەکردنی: دەشت و تەپۆلکە و چیا و دێ، بۆ وەی پێوەی ڕازاوە بێت.
باوبژ، چاوی هیچ عاشقێکی کوێر نەدەکرد: گەر حەزی بۆ تراویلکە نەهاتبێت.
باوبەران، بۆ ڕەگەوە داری دەرنەدەهێنا: گەر ئەمە دەستمان پێی فەر نەبووبێت.
چ بولبول بوو، دە قەفەزمان کرد و لەبەر پەنجەرەمان دانا: بەس بۆ

وی بخونێت.
دەبێت مەمنوونی کەتر بین، گەر ڕەمزی ئاشتی نەبێت: هەموو ڕێگەکمان شڕ دەبێت!.
***

گەر زەمین نەبێت، کام هەسارە: ئەو هەموو تاوانکارە وە خە دەگرێت.
چ کانزایێ، لەی دەردەهێندرێت، دواتر هەر مرۆڤیش: خەی پێ لێ نێو دەبات.
نێوت، وەک خوداوەندێکی شلەمەنی سەیر دەکرێت، کەچی وەک تەزاب دامان دەپڕخێنێت.
ئاو، گەر بێ ڕەنگ و بێ بۆن و بێ تام نەبوایە: قەت نەدەچووە سەر خەی، هێندەی مرۆڤ بیشووێنێت.
ئاو، گوتی:
گەر من نەبام/ کێ هەمەی دەناسی/ کێ دەیزانی هەور چییە/ کێ دەیزانی باران و بەفر و تەرزە چییە؟
گەر من نەبام/ هەور بوونی لێ کوێ بوو/ کێ دەیزانی تنێکی باران چییە/ ئەی کێ دەیزانی چەتر چییە؟
گەر لەزمەی باران نەبوایە/ گەنەک و کانیان و کووچە، ئاشنا نەدەبوون بە سەداو/ خانوو، دەرگای لێ نەدەکردەوە؟
گەر هەورە بروسکە بەر زەمین نەکەوتبا/ ئاسمان، چۆن بەرگەی گرمەگرمی هەور دەگرێت/ لێ دوای چی، پەلکەزێڕینە دەروست دەبێت/ گەر هەورە بروسکە بەر زەمین نەکەوتبا/ ئەی کێ ئەماس دەردەهێنێت؟
***

لێ بەرد، نەرمونیانترم نەدیوە. لێ ڕەقی دەستەوە، هاڤێی بێ مەکە: ئەوە ڕەحمەتە، لێ پاشکۆی میهرەبانییدایە!.
با هەموومان سەیری بکەین:-
بەرد: هەمیشە لێ چاومانەوە، سووڕەتی ڕەقی دراوەتە پاڵ، بۆئەوەی ڕەحمان بەر ئەو بکەوێت.
بەرد: کێ مردین، لەسەر تەپڵی سەرمان قیت دەبێتەوە، ئەوسا دەزانین تا ئەبەد حزووری دەبێت.
بەرد: هێندە ڕەحسووکە، کێ چاوی بێ منداڵ دەکەوێت، خواخوایەتی بێتە کەلا و گەمەی پێ بکرێت.
بەرد: فەیلەسووفکە، سەرقاڵی سروشتگەرییە/ حەز دەکات، زمانی قەوزە بخوێنێتەوە/ وەختێک وەک پردەباز، لێ نێو چەمەکدا پاڵ دەکەوێت/ تا بزانێت، چۆن لێ پڵی مرۆڤ دەڕوانێت/ دەچێتە نێو قووڵایی ئاوەوە، بزانێت چۆنی بەسەروشوێن دەبێت/ دەبێتە خیز،

تا دەمان بەر شەرین بکەوێت/ هەندێک جار، وەک گاشبەرد دەردەکەوێت/ تا لەسەر ترس ئامان بنێت/ هەندێک جاریش، وەک تاشبەرد لەی دەخەوێت/ تا حەقیقەتی چاومان ببزوێنێت!.
***

چا: هەر بەبەی ئەمە نییە، بۆ ئازاردانی ڕح، بۆ کونکردنی دڵ/ هەر هەکەندنی بیرە نەوت نییە، لە ژێر گڵ/ چا: دەزینەوەی حەقیقەتێکی دیکەیە، کە لەسەر شوێن پێ بێت/ هەداناوەی مژوویەکی دیە، کە دایناسێ پەیدا ئەیشت بێت/ هەبەز و دابەزی مەیموون نییە، مرۆڤ پەی قەسپ بێت/ کەوتنی نەزەکەکیش نییە، لە ئاسمانەوە بەر زەوی کەوتبێت/ چا: وردنەبوونەوەی چاوە، کە ئاسمان سەرنخوون دەبینێت!.

دڵ: دەڵکی شیعریی نییە، خەی بۆ دوو تەپلکەوە هەواست/ شاعیر، بۆ مەمکی بچووێنێت و، تک تک... ئارەقەی پەدا شێ بێت/ دڵ: دەنگدانەوەی شەشمشمێری سەربازی ونە/ کە بۆ درۆزایی مرۆقایەتیی، جەللادەکان ئاستیان دەکەن و دەکوژرێن/ ئەسپیش، وەک کەلاکەکی ئەقوتاق بجێ دەهەدرێت/ هەتاکوو، بۆنی بۆ نەو دەدا باو ببێت/ دڵ: بۆنی پونگ و ئەحانە و نەعنا و گوڵەونەوشەی لە نایێت/ بۆنی دەستی خوێنی مرۆڤی لە دێت/ هەرگیز، مرۆڤ بەبۆن جەی ناهەێت/ هەتاوەکینە، زەمین: لە داخی وەران نەبێت!.

بیابان: ئاگواستنی ئەمە نییە، بۆ بۆ غەریبکردن/ دەشکانی دەی خەتە، لە تراویلکەدا: بۆ دووبارە بینین/ بیابان: هەندێ غەمگینە، بۆ بەدەنگیی دادنیشێت/ کەس نییە بیشوات، گەوە دەبێت/ کەس نییە بۆ لایدا بچێت، ئیدی وەکوو مەنگەلێک تەماشا دەکرێت/ کەتی وا هەیە، لەبەر بۆ ئاوییان، چاوی بۆ تەمتومان دەشوات/ جاری واش هەیە، "با" دەکاتە لفکە و، پشتی پێ دەشوات!.
.
دەشت: بۆ ئاکەاکی ژیان نییە، بۆ گاجووتێک بیکەیت/ قووبوونەوەی ڕح، تاوێک تەیدا بخەویت.
شاخ: هەتیو نییە، لەبەر هەتاو کەوتبێت/ شاخ: بەس دەستی فەر بووە بۆ هەورەکان و، بیاندەشێت.
گەردەچکە: هەبەز و دابەزی ئەمە نییە، بۆ پشەوودان/ بینینی گوهەاڵ و نەرگز، بۆ دەست لەدان.
***

هەمیشە دوو ئەشکەوت هەیە: ئەویش، ئەشکەوتی دە و زەمین/ وەختێک،

لە دەماندا، تەنیاییەکی وەها دەبینین/ کە هەندێ چەواڵن، هەست بە تاریکیی و داوی جاجاڵکە دەکەین/ هەست بە ئازیی و دەنگی تاسکەچەڵە٢' دەکەین/ زەمین، وەها نییە، کە ئەمە لە ترسان، بە شوێنی خەڵشاردان سەیری دەکەین/ ئەشکەوت: جار جار، بە کوارتز٣' دەڵێت: ئەڕە کەی شیعرم لە دەتکێت/ چەند جارەکش، بە کەتر دەڵێت: کەی گەرانییم بە دەڵێیت/ بە دەگمەن، هەست بە چڵەمە٤' دەکەین، بەچی پاسەوانی دەکات/ بەچی باخەنجەڕ، ورتەورت دەگەڵ پلیزرک٥' دەکات/ قاڵەچەش، بە نهێنی سەرگوزەشتەی گشت گەناوەکان٦'، بە هەردوو زمانی خشکیی و باڵەفڕە تەمار دەکات!.

***

دارستان: بە بولبول، هیچ سیحرەکی نییە، لە جوانی ڕەنگ و خەشی دەنگدا/ ئەفسانەیەکە بە شەر، قەڵافەتی سپیندار، چییە لە شەودا/ زاڵەی٧' قەڵەشە، چییە لە ئاسماندا، گەر مەچەکت نیشانی هەز بێت/ ئەو شیوەن بە من ناگەێت، تەنیا دەڵێت، بە دەبێت هەر ئیشی مرۆڤ بێت/ مامز، چ لە بەور و پەنگ بکات، گەر ترسی ئاوی ئەمەی لەسەر بێت/ ئەو لە ئاکردندا، هەندێ جوانە، بەس پرسیاری ڕەح، چی لە بەسەر دێت/ گوەدرێژ، هەر تاوەك دەزەنێت، ئەویش لە داخی بارگرانی نییە/ ئەمە کە نەبووینەتە بارگرانی بەسەر زەویەوە، بە نابێت بزانین حیکەمەتی زەین چییە!.

***

زەلکاو: هەر دەمەکە، دوای غەمی باران، یان پەستبوونی ڕووبار، بەرکمان بەردەدات/ چ لە زەنگاو دەکەیت، کە ئەبەدییە و، دەبێت بوونمان دەگەیدا هەباکات/ زەلکاو: وەک دەشکانی دوو عاشق دەچێت، هەر کەفوکۆکە، دێت و دەڕۆێت و دەبێت/ زەنگاو: بە بە نامەیی لەی بەوانین، هیچ نەبێت، وەک شمشاڵ، دەمان دەژەنێت/ چیتەان: کە ناهەێت، مرۆڤ بە تەنیایی پەیدا تەپڵە بێت/ مەبەست لە سمسکبوونی٨' نییە، نایەوێت کەس، دەی بە قاڵەر بچێت/ لێتە: پێش قەسبوونی، هەرچی پەاش بێت دە خەیدا وەردەدات، تا پەی بگوترێت: لێتاو/ کەچی گە: گەر دەستی تە وەرنەدەرێت، بە بەنووی گریانەوە، بە چی دەبێتە قوەاو/ ئاو: گەر ڕووەتی لە نەستەندرێت، لە خەوە هانا بە ئاوڕوونکەرەوە نابات، بە وەی قوتاریی بکات لە زیچاو٩'/ لم: هەموو ڕەژەك یادەوەریمان دەنووسێت/ گەر شەپاڵیش نەبێت، کە ئەو هەموو تاڵییەی دەروونمان دەشوات!.

-_____

٢٠١٦ / ٩ / ١٨ -٢٠١٦ / ٩ / ١

فەرهەنگێک:-

‘١’. هەنگاوی شیری: یەکەکێ لە کاکەشانەکانی گەردوون، کە بەشایینەکی بەرینی هەیە و، کەمەبەستی خۆر بە تەواوی ئاستێرە و هەسارەکانی تێدا دەخولێتەوە و، زەمینیش ئێندامێکە تێیدا.

‘٢’. تاسکەچەپە: سساڕک، سمساڕک، سیساڕکەچەپە، سیسالێک، سەرگەز، سیساڕک، کەرگەز، کەپەنەکدان.

‘٣’. کوارتز: بەردێستی، یەکەکە لە هەگبزەکانی بەرد. جۆری بەردی هەقیق. بریتییە لە ماکی سیلیکا بە تەکمەیی. لە بنەڕەتدا: وشەیەکی فەڕەنسییە.

‘٤’. چەلەم: شەمشەمەکوێرە، شەمشەمە، شەمشەکوێرە، شەمەڵە، شەوکوێرە، قەناقووچ.

‘٥’. پلیزرک: پەسوڵکە، پەسوڵک، پەسەڵرکە، پلیسرک، تەنەبابیلە، حاجی هەش، سە پرسک، مەقسوک، هاج هەشک، پلوسگرد.

‘٦’. گیانەوەر: زیندەوارە، گیانەوەر، دەعبا، جە و جانەوەر، حەشەرە. دەستەیەک لە گیانەوەرانی وشکەژین، وەکوو: مەش، مەشوولە، مەروولە، کوللە، پەپوولە، هەنگ، زەرگەرتە، دووپشک، جاجاڵکە و... کە زەربەیان خاوەنی دوو جووتە باڵ و جووتێک شاخکیلە و سە جووتە پای بەکەبەکەن و، لەشیان لە سێ بەشی جیاوازی سەر و سینگ و زگ پێکهاتووە.

‘٧’. زاڵە: دەنگی قەڵەشەش.

‘٨’. سمسک: شووم، قەدەش، کەچکەڵەش، هوم، گوناتە، کەدقەلین، دەبە، بەدوم، بەد، بەدودم، نەوچاوان پیس.

‘٩’. زیچاو: لەق، لەخن، لیخن، لیخناو، شەلوو، شەلوو، شیلە، غەور خەور، لەقایی.